شاندی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک

شاندێکی بزووتنەوەی ڕاپرسی (ڕیفراندۆم) لە کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان (هەڵکەوت عەبدوڵڵا، فەوزی ئەتروشی، لوقمان محەمەد، کەمال میراودەلی، د. ئەحمەدی کەریم، ئەردەشێر ڕەشیدی و د. سامان شالی) ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی ٢٢ / ١٢ / ٢٠٠٤ کاتژمێری ١١,٥ بە کاتژمێری ئەمریکا چوونە بارەگای (UN) لە نیویۆرک بە مەبەستی پێشکەشکردنی ئیمزاکانی خەڵکی کوردستان (١,٧٣٢,٥٣٥ ئیمزا) و داواکارییەکانی بەو ڕێکخراوە وەک خۆی ئەنان. لەوێ سەرۆکی بەشی یاریدەدانی هەڵبژاردن لە بەشی سیاسی نەتەوە یەکگرتووەکان (کارینا پێرێللی) و گروپی کارەکەی (ستیفانی لوتی، کەمال ئەمهارانی و کارماندۆ مارتینیەز قالدەس) بە گەرمی پێشوازیان لێ کرد. شاندەکە سوپاسی ڕەزامەندی ئەو دەرفەتەیان لە خاتوو کارینا و گروپەکەی کرد، کە بۆ یەکەمین جارە لە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕوودەدات و باسی مەبەستی سەردانییەکەیان، کە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێکی ئاشتییە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان لەلایەن خۆیەوە کرد و لەگەڵ کۆپییەکی ئیمزاکان (کە ١٠ CD بوو) پێشکەش بەو ڕێکخراوە کرا.


TIMOR
PAREN EL MUNDO
ME QUIERO
BAJAR

